# فرمێسکی شادی

**ئەرسەلان مەحمود**

Arsalan852@yahoo.com



**دەرئەنجام و دیمەنێکی دڵرفێن بوو، ڕێکەوتێکی ئەبەدی یان فرسرتێکی ئیلاهی بوو، دوروو نزیک ڕونتربڵێم بەجووت ڕۆشتین بۆجێژوانێ..گیاشلك بوو، چواله گوڵی دەرکردبوو، تامەزرۆیی سنوری بڕی، ترسی فرێدا..لەنێوگەرمی هەردووبەردی ئەورۆژیەتا..بۆنی کەزیەو لاملانت ئەوناوەیان پڕلەپروشەو مەست کردبوو، هەرئەوکاتەی سۆزتدامێ پەرۆباڵت ڕووتکردەوە، بۆیەکەمجار لەیەککاتدا بەفری چیاوو دوونەرمەگردۆلکەی بلورینی لەیەکچووی ناوقەد کونینم بینی..لەسەیرانی سەری سەروسیماو لەئامێزی پڕ لەمیهری جوانی تۆدا، گەرداوەزێی بەفرم بینی، هەردوو پەپکی لەنەرمان و لەتوریشدا لەژێر پەنجەم ئەلەرزین و ئەبەزین..ناڵەونرکەو هەڵلاّمانبوو، سەمامانبوو، ئاوێتەیەك ئاوێتەبووین تەژی تەژی لەماچ و مووچ..پڕ لەپەیقی ئەستێرەیی..**

**زوو زووش ئەتووت: زۆر وریابە، ئەوە خوایە..بانەزانرێ، ئەو دەرگایە نەکەیتەوە..هێندەی نەبرد، هەرئەوەندەی بۆتۆ ئەدویم، لەحەسرەتا دڵم پڕبوو، بێئەوەی گەربەخۆمبزانم فرمێسکی شادیم هەڵوەراند..نانا چواله،خەیاڵ نەکەی..لەهەرکوێبی ئێستاش هەرتۆی سەرچاوەکەی شیعروپەخشان.**